**الاتحاد العام اللاجئين العراقيين - فرع بريطانيا**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-BRITAIN**

# پــــەنابـــەران بـــەزۆر نـــــابێ بگێـــــرنـــەوە

رۆژی 29–7کات ژمیری 7ئێواره له شاری لێستەر كۆبوونەوەیەكی گشتی لەلایەن بزووتنەوەی مافه مەدەنی یەكان بەشی لێستەربەسترا، لەم كۆبوونەوەیەدا (Authur Molife) له اتحادیەی زەمبابووەی ئەفریقا، (دەشتی جەمال) لەفدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی، (Dr M Barghchi) شارەزا لەبوارەكانی پەنابەران لەزانكوی لێستەر، (بورهان فتاح) بەرپرسی فدراسیون لەشاری مانچستەر قسەكەرانی نیو ئەو كوونەوەیە بوون كەلەسەر سیاسەتی گەرانەوەی بەزۆری پەنابەران لەبەریتانیا بەگشتی لیدوانیان كرد.

(دەشتی جەمال، بورهان فەتاح) لەسەر ئەوزاعی عیراق وكوردستان ونەبونی ئەمنیت وەئاسایش وهەلو مەرجی نالەباری انسانی كەلەژیر سایەی سیاسەتەكانی ئەمریكاو بەریتانیا بەسەر خەڵكی عیراقدا داسەپاوە، وەچوونیتی بەرگرتن بەسیاسەتی انسان كوژی ئەمریكاو نەزمی نۆی جیهانیەكەی وئەو هۆكارانەی كەپال بە خەڵكی عیراقەوە دەنێ ژیانی ئاوارەی هەل بژیرن، سەرنجی بەشداربووانی كۆبوونەوەكەیان راكێشا، هاوكات لەسەر پشتیوانی خەڵكی عیراق لەدامەزراندنی دەسەلاتێكی سكولاری مەدەنی بۆ ئایندەیەكی انسانی لەعیراقدا تاكید كرد وەهەروەها لەسەر كەمپینی فدراسیون بەدژی گەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی وە پێویستی هاتنەمەیدانی ئەحزابی رادیكال وانسانی و اتحادیەكرێكاریەكان بۆ بەرگرتن بەسیاتی دیپورت كردنەوەو كاری هاوبەش وهاوكاری زیاتر یان راگەیاند.

لەم كۆبوونەوەیەدا بەدەیان رێكخراوی انسانی وپەنابەری وەپەنابەری كورد بەشداربوون وەتیكرا ئیمزای خۆیان دا له كەمپینی فدراسیون دژ بەگەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی.

## فدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراقی له بەریتانیا

2003-7-30

P. O BOX 1575 ILFORD IG1 3BZ d. jamal@ukonline. co. uk